DANISH REFUGEE COUNCIL

KURDISK



# دەربارەی گەڕانەوە بۆ وڵات 2019

## زانیاری بۆ پەناهەندەو کۆچبەرەکان دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و بەیەکجاری بۆ وڵات

## ئەگەر بیردەکەیتەوە بەیەکجاری بگەڕێیتەوە وڵات

ڕێکخراوی دانمارکی بۆ یارمەتی پەنابەران ڕێنماریی پێشکەش بە پەناهەندەو کۆچبەرەکان دەکات دەربارەی گەڕانەوە بۆ وڵات.
ئێمە کاردەکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری درێژخایەن بۆ کێشەی پەنابەران لە دانمارك و جیهان.

## یارمەتی دارایی

- لە 2019 هەر هەراشێك (واتا تەمەنی لە لەسەرووی 18 ساڵ بێت) بڕی 139.274 کرۆن وەردەگرێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ لە وڵات.
- هەر منداڵێکیش (لەخوار 18 ساڵ) بڕی 42.476 کرۆن وەردەگرێت.

پارەکە بە دوو بەش دەدرێت – بەشی یەکەم لە کاتی گەڕانەوەو بەشی دووەم (کە بڕی 83.565 کرۆنە بۆ هەر هەراشێك و 25.486 کرۆنە بۆ هەر منداڵێك) دوای ساڵێك لەگەڕانەوە بۆ وڵات دەدرێت.

## یارمەتی تری جۆراوجۆر

- بلیتی فڕۆکە
- گواستنەوەی کەلوپەل، یان یارمەتی بۆ کڕینی کەلوپەلی ناوماڵ.
- کەرەستەی کارکردن.
- بیمەی نەخۆشی بۆ ماوەی 4 ساڵ.
- چارەسەری پزیشکی بۆماوەی ساڵێك.
- یارمەتی خوێندن بۆ ماوەی 4 ساڵ بۆ هەر منداڵێک لە تەمەنی (16-5) ساڵ.
- یارمەتی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی سەفەرکردن.

## ئەگەر تەمەنت گەیشتۆتە 55 ساڵ

ئەگەرتەمەنت بەلایەنی کەم 55 ساڵ بێت دەتوانیت مانگانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو لەدانمارك وەرگری.
ئەو بڕە پارەیە مانگانە لەنێوان 2.800 تا 4.500 کرۆنە. بۆئەوەی ئەو یارمەتیەیە وەرگری پێویستە بەلایەنی کەم 5 ساڵ مافی نیشتەجێبوونت هەبووبێت لە دانمارك.

## مافی پەشیمان بوونەوە

ئەوانەی **پەناهەندەن** مافی ئەوەیان هەیە بەر لە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر گەڕانەوەیان بۆ وڵات لە بڕیاری گەڕانەوەکەیان پەشیمان ببنەوەو جارێکی تر بگەڕێنەوە دانمارك و هەمان مافی جارانیان لە دانمارك دەست دەکەوێتەوە. لەکاتی پەشیمان بوونەوە پێویستە هەموو یارمەتیەکان بگەڕێنرێتەوە.

**کۆچبەرەکان** مافی گەڕانەوەیان نیە بۆ دانمارك دوای ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ وڵاتو یارمەتیان بۆ ئەو مەبەستە وەرگرت. بۆیە بڕیاری گەڕانەوە بۆئەوان بڕیارێکی کۆتاییەو ماڵئاواییکردنە لە هەموو ئەو مافانەی کە هەیانبووە لەماوی نیشتەجێبوونیان لە دانمارك.

## ئەگەر دەتەوێ زانیاری زیاتر بزانی

ئەگەر بیر لەگەڕانەوە دەکەیتەوە بۆ وڵات دەتوانی ئەو فۆرمی زانیاریەی لە ماڵپەڕەکەمان هەیە پڕ بکەیتەوەو بۆمانی بنێری. ئێمەش لە ڕێی چاوپێکەوتنێك و ئاخاوتنێکی تایبەت بەتۆ بواری گەڕانەوەو مافەکانت بۆ شی دەکەینەوە، تا بتوانی بڕیارێکی ڕاست بدەی. ئەگەر حەزبکەیت ئێمە وەرگێڕت بۆ دابین دەکەین لەکاتی چاوپێکەوتنەکە.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو زانیاریەکانت پێ ڕابگەینین تا بتوانی بڕیاری خۆت بدەی.

# ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەتوانی پەیوەندیمان پێوە بکەیت

ئێمە هەموو رۆژێك رێنمایی پێشکەش دەکەین
دووشەممە تا هەینی لە کاتژمێر 9 - 15

دانمارکی و ئینگلیزی
ژمارە: 33735000

جگە لە دانیمارکی، لەڕێگای ئەو ژمارانەی خوارەوە ڕێنماریی پێشکەش دەکەین بە زمانەکانی:

بوسنی/سربی/کرواتی
ژمارە: 33735233

کوردی و عەرەبی
ژمارە: 33735228

ئەگەر حەز دەکەیت ڕێنمایی تایبەت بەخۆت وەرگری دەربارەی گەڕانەوەت بۆ وڵات، پێویستە فۆرمی تایبەت پڕبکەیتەوە کە لە ڕێگای ماڵپەڕەکەمانەوە دەتوانی بیدۆزیتەوە.

www.atvendehjem.dk
www.flygtning.dk/atvendehjem

دەتوانی لەڕێگای ئیمێلیشەوە پەیوەندیمان پێوە بکەی بە
atvendehjem@drc.ngo